# بۆچی گرنگە ڕۆمانی (سیسەمی خوێناوی) بخوێنینەوە؟

هێمن بەرزنجی
(سلێمانی)

ڕۆمانی سیستمی خوێناوی کە لە نووسینی (جەبار عوسمان)ە ساڵی ٢٠١٧دا، لە پرۆژەیەکی ١٠ کتێبیدا، بە تیراژی ١٠٠٠ دانە بڵاو کراوەتەوە. شوێنی چاپ تەهران، ژمارەی لاپەڕە ٣٨٨، چاپتەرەکانی لە شەش ڕۆژ و حەڤدە بەش پێک دێت.

ئەم ڕۆمانە باس لە بەسەرهاتی چیرۆکی ژنێک دەکات، کە بەهۆی ئاریشەی کۆمەڵایەتییەوە وڵاتی خۆی جێ دەهێڵێت و وەک مەلێکی لانەواز بەدوای بەختەوەریدا دەگەڕێت، بەڵام هیچ کات بەهۆی ئەو کولتوورەی کە وەک مۆتەکە دەستی خستۆتە بینی، لەکۆڵی نابێتەوە، نووسەر (جەبار عوسمان) زۆر ژیرانە کەسانی یارمەتیدەری بۆ پەیدا دەکات، کە ببنە هۆی چارەسەری ئاریشەکانی، بەڵام دواجار هیچ کام لە کەسە مرۆڤدۆستەکانی ناو چیرۆکەکە، ناتوانن ببنە هۆی لەناو نەچوونی ئەو ژنە کوردە، چونکە کێشەکان بەردەوام لقی زیاتریان لێ دەبێتەوە کە وادەکات شەونم تووشی مەرگی دەستکردی خۆی بێت.

چیرۆکی ئەم ڕۆمانە جوانییەکەی لەوەدایە کە لە پاش مەرگی شەونم، کەیسێکی لێکۆڵینەوەیی پۆلیسی بۆ دەکرێتەوە، تا بزانن بۆچی ئەم ژنە کوژراوە، بەتایبەتی لەسەر سیستمی خەوەکەی خۆی، لە شەوێکی بێ دەنگی وڵاتی سوێددا، نووسەر کارەکتەرێکی مرۆڤدۆستی سوێدییەکان دەهێنێتە ناوەوە بۆ ئەوەی لێ نەگەڕێن و بزانن بۆچی، چی وای کرد، کەی، چی بووە هۆی کوژرانی؟ نووسەر دەزانێ ئەگەر ئەم ژنە لەم وڵاتەدا بکوژرابایە، کەس چیرۆکی دەست نەدەکەوت و لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسیش کورت و کەم خایەن و داخراو بوون، وەک هەموو ئەو ژنانەی کە لەم پارچە بچووکەی زەویدا تێداچوون. سیستمی خوێناوی چیرۆکی تراژیدیای ژنێکی کوردە، کە سەرەنجام کێشەکانی بە خەملاندنی مەرگ کۆتایی دێت. چیرۆکنووس زۆر جوان چیرۆکی ژنێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەشێت ئەو ژنە ئەندامی خێزانی ئێمە بێت، بۆیە دەکرێت بپرسین ئایا ئەم چیرۆکە شایەنی ئەوە نییە، قێزەونییەکانی کولتوور و ئایینی تێدا بەنەفرەت بکەین و لەسەری بوەستین و بەرپەرچی بدەینەوە؟ ئایا ئەگەر ئەو تێزە خراپەی کولتوور نەبێت، بۆچی ژنێک کۆڵ و باری ژیانی بەشانیدا دەدات و دەڕوات بۆ وڵاتێکی نامۆ بە ژیانی ئەو؟ ئایا ئەگەر ئاریشەکانی کولتوور نەبێت، بۆچی شەونم بەو چیرۆکە کاریگەرە لە ژوورێکی تەنیای وڵاتێکی ساردا خوێنی گەرم و گەشی خۆی دەڕێژێت؟ بەبڕوای من لە پاش خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە نابێت، دانیشین و بگرین و داخ



جەبار عوسمان

بخوێن، بەڵکو دەبێت وامان لێ بکات، هێزێک بۆ ڕاوەستان و بەرپەرچدانەوە دروست بکەین.

## بنیادی ڕووداو

ئاشکرایە لێکۆڵەران بۆ ژانری ڕۆمان چەند بنیادێکیان دیاری کردووە کە ڕووداوی لەسەر دروست دەکرێت و گێڕەرەوە ئازادە کام لە بنیادەکانی ڕۆمانی هەڵدەبژێرێت، لێکۆڵەران چوارده جۆر بنیادی ڕووداویان دەستنیشان کردووە، هەڵبەتە ئەم بنیادانە کە ڕووداوی لەسەر بنیاد دەنرێت، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووە دێرینەکەی بوونی ڕۆمان و سەردەمی نووسینی ڕۆمانەکان و دەستاو دەستکردنی ژانری ڕۆمان لە حیکایەتی درێژی گوێ ئاگردانەوە تا کلاسیک و مۆدێرن و نیمچە مۆدێرن و پۆستمۆدێرن، ئەمڕۆکە باوترینیان نووسەرانی ژانری ڕۆمان کاری لەسەر دەکەن، ئەویش بنیادی ڕووداوی (هاوسەنگ، بازنەیی، چەکمەچەیی)یە کە دەتوانین بە ئاستی بنیادی ڕووداوی سەردەم دەستنیشانیان بکەین، بنیادی ڕووداوی ڕۆمانی سیستمی خوێناوی، بنیادێکی هاوسەنگە، کە چیرۆک بەناو هێڵە گشتییەکەدا دەڕوات، سەرجەم کورتیلە چیرۆکەکان کە لە تەنیشت هێڵی گشتی چیرۆکەکەوە هەیە تەواویان هاوسەنگن.

## ئاستی بەکێشە کردن

هەندێک لە گێڕەرەوانی ژانری ڕۆمان، توانایی خەیاڵی باشیان هەیە، دەتوانن لە فەزایەکی خەیاڵیدا واقیع وێنا بکەنەوە، بەڵام گرفتی سەرەکی هەندێکیشیان ئەوەیە کە ناتوانن ئەو وێنا خەیاڵی و واقیعیانە لە ناو چوارچێوەی فۆرمێکدا جێگە بکەنەوە، کە ئەمەش وادەکات دەق لەبەردەم خەیاڵی گێڕەرەوەدا لاواز و تیژ تێپەڕ بێت و مەبەستی سەرەکی هەبوونی ئاریشەکان نەپێکێت، ئەمەش لەنگی بۆ فۆرم دروست دەکات، گێڕەرەوە ئازادە کام کێشە هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی بنیادی ڕووداوی لەسەر دروست بکات، بەڵام بیرمان نەچێت کە تەنیا هێندە بەس نییە گێڕەرەوە کێشەکە بخاتە ڕوو، بەڵکو ئەوەی گرنگی زیاتر بە ڕووداو دەدات، وێڕای دەستنیشانکردنی کێشەکە، ئاستی کێشەی ڕووداوەکە بە چ پێوەرێکی پڕ تەکنیکی گێڕانەوە باڵای دەکات و کەرەستەی بۆ کۆدەکاتەوە، هەموو کەرەستەیەک بەکار دێنێت تا ئاستی کێشەی ڕووداوەکە بە ئاستێکی باڵا دەگەیەنێت، ئێمە ئەگەر تەنیا ڕووداوی تەور و پیرێژنەکەی ڕۆمانی تاوان و سزای (دەیستۆیڤسکی) بەنموونە وەربگرین، دەبینین کاتێک ئاستی کێشەکە لای کارەکتەری (ڕاسکۆلینۆکۆف) دەگاتە لووتکە، تەورەکەی هەڵدەگرێت و خوێن دەڕێژێت و هۆکارەکە دەدرێتە پاڵ ژنێکی بەساڵاچوو، پاشان لەوێوە ئاستی بڵندی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکرێن. ڕۆمانی سیستمی خوێناوی بەپێچەوانەی کارەکتەری بکوژی (دەیستۆیڤسکی)یەوە، سەرەتا لە ناو بڵندی ئاستی کێشەکانەوە دێت و سەرەنجام خوێنەکە دەڕێژێت. گێڕەرەوە لە سەرەتادا بە ئاستێکی بڵندی دەروونی دێت کێشەکە دەخاتە ڕوو، بەردەوام ئاریشەی بۆ زیاد دەکات، تا ئاستی خەملاندنی مەرگ، بۆیە گێڕەرەوە بەهۆی ئاستی باڵای بێ چارەسەری کێشەکەی، ناچارە پاڵەوانەکە ڕادەستی مەرگی بکات.

## جووڵەی کارەکتەر

دەکرێت بۆ جووڵەی کارەکتەر خواستنی وێنە وەربگرین، ئەوانیش (وێنەی وەستاو، وێنەی جووڵاو، وێنەی لێکچوو، وێنەی لێکچواندن، وێنەی درامی) هەندێک کارەکتەر لە ناو ڕۆماندا هەن، تەنیا پشتی بە

گێڕانەوەی وێنەی وەستاو بەستووە، کە لە جێیەکدا وەستاوە و گێڕانەوە پەخش دەکات، هەندێکی تریان گێڕانەوەی کارەکتەری جووڵاون، لە هەر جێیەکدا دەوەستێت و دەست بە گێڕانەوە دەکات، هەندێکی دیکەش لەهیچ کامیاندا خۆیان نابیننەوە، بەڵکو سنوور برن و لەگەڵ بنیادی ڕۆمانەکەدا گەشت دەکەن و چیرۆکەکە دەگێڕنەوە، نموونەی زۆر هەن کە چیرۆک لە وڵاتێکەوە دەست پێ دەکات و کارەکتەر وەک کەشکۆڵ لەگەڵ خۆیدا دەبیات و شار بە شار و گوند بە گوند و وڵات بەوڵات دەگێڕێت، ڕۆمانی سیستمی خوێناوی لەو جۆرە ڕۆمانەنایە، کە دەستپێکی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئەوروپا دەست پێ دەکات، پاشان هەموو ئەو وێنەنانەمان نیشان دەدات کە لەسەر بنەمای کێشەی پاڵەوان وەستاون و دواتر بە شێوەیەکی درامی و هەڵقە هەڵقە بۆمان نیشان دەدات. نووسەر بەئەنقەست دەیەوێت چیرۆکی ڕۆمانەکە بۆ دەقێکی سیناریۆ بۆ فیلم کورت بکاتەوە، ئاسانکاری دەبەخشێتە دەرهێنەرەکان، لەمەشدا ژیرانە بۆ ئاییندەخوازی سینەما کاردەکات.

## ئاستی خەیاڵ

خەیاڵ پنتی سەرەکی و ڕەگی شاقووڵی ناو چیرۆکە، هەرچیرۆکێک لەخەیاڵ خاڵی بێت، لە هونەری گێڕانەوە داڕووخاوە و بەدڵنیاییەوە مردووە. دەتوانین بڵێین : لەو گرینگتر ئاستی هونەری خەیاڵە، چون گێڕەرەوە بەهونەری نەخشاندن لە چیرۆکدا بەرجەستەی دەکات، ئەگەرچی خەیاڵ لە پاش ئەفسانەوە دێت، دەقەچیرۆکە کۆنەکان لەمێژوودا زیاتر پشتیان بە ئەفسانە بەستووە، دواتر کاتێک خەیاڵ وەک لقێکی دیار و سەرەکی لە ئەفسانە دەبێتەوە، هونەری فەنتازیا بە چیرۆک دەبەخشێت، ئەوە چیرۆکەکە جوانتر و چێژ بەخشتر بەرجەستە دەکات، ئەگەرچی زۆر لە لێکۆڵەران خەیاڵیان کردووە بە دوو بەشەوە، (خەیاڵی ڕووت)، (خەیاڵی ناو واقیع).

*** خەیاڵی ڕووت:**

ئەم تەرزە خەیاڵییە پشت بە واقیع نابەستێت، بەڵکو خۆی کەرەستە و شوێن و کارەکتەر بنیاد دەنێت کە نزیکە لە بنەما ئەفسانەییەکە.

*** خەیاڵی ناو واقیع:**

پشتبەستووە بە کەرەستە و شوێن و کارەکتەری واقیع و دواتر کۆپی دەکاتەوە ناو خەیاڵ و بەشێوە فەنتازییە هونەرییەکە دەیگێڕێتەوە.

ڕۆمانی سیستمی خوێناوی پێک هاتەیەکە لە هەردوو جۆرە خەیاڵەکە، بەشێکیان لە ناو خەیاڵی واقیعدا خۆیان بەرجەستە دەکەن، بەشەکەی دیکەی خەیاڵی ڕووتی داهێنراوی نووسەرەکەیە کە خۆی شوێن دروست دەکات، کەرەستە دەهێنێت و جووڵەی خەیاڵی دروست دەکات. ئاستی خەیاڵ لەم ڕۆمانەدا ئاستێکە تا لووتکەی هەردوو جۆرەکەیە، کە تەکنیکی باڵای هونەری لەسەر بنیاد نراوە، زۆر نیگار کێشانە هونەری خەیاڵ بەرجەستە دەکات، یارمەتی خوێنەر دەدات کە خۆی وەک دەرهێنەرێکی سینەمایی خەیاڵەکە بکاتە فیلم، یان شێوەی فیلمی درامیان پێ ببەخشێت، هەروەها یاریدەدەرە بۆ ئەو کەسانەی کە نیگار کێشیش نین، وەک هەمان وێنە خەیاڵییەکانی ناو ڕۆمانەکە وێنەی زەینی لەسەر نەخش بکەنەوە.

## چەمکی دەروونی

ئەگەرچی نووسەر شارەزای تەواوی لە بواری پاراسایکۆلۆجی و چەمکی دەروونی هەیە، دەتوانین ئەم چەمکە وەک چەمکی سەرکەوتووی ناو ڕۆمانەکە وێنا بکەین، بەڵام لە بیرمان نەچێت، لە چیرۆکدا خاڵی بەهێزی گێڕانەوە و بنیادە هونەرییەکان، تەنیا کارەکتەر و شوێن و وێنە و دیالۆگ و مەنەلۆگ و ڕووداو، خەیاڵ و فیکر و... بەس نین، بەڵکو لە پاڵ ئەو باگراوندە ڕۆشنبیرییەی نووسەر کە خۆی وەک پاشخانی دەروونزانی هەیەتی، دەبێت کۆمەڵناس و دەروونناس بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت توانایی چەمکی دەروونی خۆی لەناو چیرۆکدا بەرجەستە بکات، گرفتی گەورەی چیرۆکنووسانی کورد، نەبوونی ئەو تواناییەیە کە ناتوانێت چەمکی دەروونی لەناو دەقدا فۆرمۆلیزە بکات، دەستنیشانی ئەو ئاریشانە بکات کە بوونەتە هۆی کێشەی دەروونی بۆ تاک و کۆی کۆمەڵگە و مرۆڤ بەتایبەت. لە ڕۆمانی سیستمی خوێناویدا، ئاستی کێشەی دەروونی شەونم بەجۆرێکە کە ئیدی لە دواساتەکاندا تووشی خەمۆکی توند دەبێت، بۆخۆی دەرگای چارەسەر لە خۆی دادەخات، خاڵی کۆتایی هێنان بەژیانی هەڵدەبژێرێت، نووسەر لێرەدا دەیەوێت پێمان بڵێت : ئەو ئەوروپایەی چەندە پێشکەوتووە،

هێشتا نەیتوانیوە بەتەنگ کێشەی دەروونی ژنێکی کوردەوە بچێت، بەڵکو لەوێدا کێشەکانی دەگەنە بنبەست و گوشارەکان دەیگەیەنێتە کەناری مەرگ.

**توانەوەی فرۆیدییەت**

ئاشکرایە سێکس بەشێکی هەرە گرنگی ژیانی مرۆڤە، هەروەک چۆن گیانەوەرانی دیکەش سێکس بەشێکە لەبوونیان و ئێمە لە بینینیاندا بەری دەکەوین، مرۆڤ زیاتر لە گیانەوەرانی دیکە ئەو بەشەی بەرکەوتووە و داهێنانی لەسەرکردووە، ڕەنگە لای گیانەوەرانی دیکە تەنیا کردەی جووت بوون بکرێت، بەڵام مرۆڤ زۆر داهێنانی لەو بوارەدا کردووە، کە هەر لە ماچ کردنی ئاساییەوە دەست پێ دەکات تا کردەی جووت بوون، واتە بەگشتی مرۆڤ لەزەتبەخشتر کردەی سێکسی دەکات، بەجیا چێژ لە هەموویان وەردەگرێت، هەربەشێکی جەستەی مرۆڤ، کە بۆ چێژی سێکس بەکاری دێنێت، تاموبۆی خۆی پێ دەبەخشێت، ئەم کردەیە بۆ نێر و مێی مرۆڤ هەمان چێژی هەیە، هەروەک چۆن نێرەکانی مرۆڤ چەند پارچەیەکیان هەیە، کە لە جەستەی مێدا چێژی لێوەر بگرن، بەدڵنیاییەوە مێیەکانیش چەند پارچەیەکیان لەجەستەی نێرەکاندا دەستنیشان کردووە بۆ چێژی خۆیان. ڕۆمانی سیستمی خوێناوی ئەگەرچی بەشێکی زۆری کردە سێکسییەکانی ناو چیرۆکەکەی واقیعە، بەشێکی تری داهێنراوی پڕ لەزەتی ناو خەیاڵی گێڕەرەوەیە، کە دەکرێت خوێنەر لە ئەنجامدانەوەیدا چێژی زیاتری پێ ببەخشێت، ئەمەش کردار بەخوێنەر دەبەخشێت نەک پەرچەکردار. گرنگترین شتی چیرۆک ئەوەیە کە خەیاڵ دەتوانێت بەشێوەیەکی کارا و داهێنەرانە، ئەفراندنی کردەیی دروست بکات، بۆیە نووسەر دێت زیاتر لەوەی کە خۆی دەیەوێت، وێنەی واقیعی کردە سێکسییەکە بگوێزێتەوە، کۆمەڵێک خەیاڵی کردەی داهێنەرانە دروست دەکات، تا چێژ بۆ خوێنەر دروست بکات و یاریدەدەری ئەو بۆشاییە بێت، کە مرۆڤی دیکە خۆی ناتوانێت لە داهێناندا پڕی بکاتەوە، هەربۆیە چێژ لەم بەشەیدا تا ئاستی باڵا هەڵدەکشێت.

**سیستمی خوێناوی و سیستمی خوێناوی**

کاتێک لەڕوو بەرگی ڕۆمانەکە دەڕوانین، ئەو پرسیارە جەوهەرییە لەخۆمان بکەین، ئایا ناونانی ئەو ڕۆمانە بەمەبەستە، یان هەر ناوونیشانێکی سادەی چیرۆکە درێژەکەی ڕۆمانەکەیە؟ چونکە ناوەکە هەروا سادە نییە، پێوەندییەکی هاوئامێزی هەیە، کە دەتوانین شرۆڤەی سیستم و سیستمی لەسەر بکەین، چونکە دەتوانین هەم سیستم وەک سەرزەمینی خوێنەکە تەماشا بکەین، هەمیش گونجاوە سیستم وەک بڕبڕەی ئاریشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی مرۆڤ تەماشا بکەین، کە هۆکارە بۆ لەباربردنی خەونی تاک و کۆی مرۆڤ و سەرەنجامی خوێن ڕشتن. ئەم هاو پێوەندییە لە شیکاریدا هێندە دوور نین لە یەکەوە، کە هۆکاری لەناو چوونەکان پێکەوە گرێ دەدات، بۆیە ئەگەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانی سیستمی خوێناوی تەماشا بکەین، ئەوە تێ دەگەین ئەو چیرۆکە بەناو سیستمی خوێناوییەوە درێژە بە گێڕانەوە دەدات و کێشەکانی کارەکتەرەکە لەجەوهەری سیستمەوە هاتۆتە ناو سیستمێک کە دواجار کارەکتەر لەوێدا کۆتایی بە سیستمی خوێناوی دێنێت.

ڕۆمانی سیستمی خوێناوی، نایەت لەناو سیستمی خوێناوی سیاسەتەوە بڕواتە ناوەوە، بەڵکو سەرەتا دەست



دەبات بۆ ئەو سیستەمە خۆدروستکەرەی کولتوور کە پێش سیاسەت و ئایین مرۆڤیان داخان کردووە، بوونەتە هۆی مەرگ لێکەوتەی مرۆڤەوە، چیرۆکەکە لەسەر ڕووداوی سیستەمی کۆمەڵایەتی پڕ کێشە بنیاد نراوە کە بۆتە هۆی ئەوەی کولتوور مافی دەستدرێژی بۆ سەر تاک و کۆمەڵ هەبێت، لە هەر کوێیەک بێت وەک سێبەرێکی ڕەش بە شوێن مرۆڤەوە بێت، نووسەر لێرەدا پێمان دەڵێت، تاکێک کە لەسەر بنەمای کولتووری پڕ ئاریشە گەورەکرابێت، بڕواتە هەر کوێیەک بەدواوەیەتی و کاتێکیش سەفەردەکات بۆماوەیەک لەبیری دەکات و کاتێک گەڕایەوە بۆ شوێن ژیانی خۆی، دەچێتەوە هەمان دۆخی خۆی.

**زمان**

زمان یەکێکە لە بنەما هەرە بەهێزەکانی بڕبڕەی پشتی ئەدەب، بەتایبەتی ژانری ڕۆمان، زمان زیاتر لە هەر بنەمایەکی دیکەی خەسڵەتە پێکهێنەرەکانی ڕەگەزی چیرۆک لە ڕۆماندا پێویستە، ئەوەی ئەدەب جیادەکاتەوە لە جۆرەکانی نووسینی دیکە لە بوارەکانی زانست و مێژوو و خوێندنی پەروەردەیی...تاد ئەو زمانە تایبەتەیە کە نووسەر پشتی پێدەبەستێت بۆ زمانێکی تایبەتی ئەدەبی، گەوهەری ئەدەب زمانە، کە لەو ئاخاوتنەی مرۆڤی سادە قسەی پێ دەکات جودا دەکرێتەوە، ڕۆمانی سیستەمی خوێناوی، هەمان خەسڵەتی جیاکاری سادە گۆیی تێدایە کە نووسەر دێت بنیادی چیرۆکەکەی لەسەر دەگێڕێتەوە، زمانێکە، کە زۆر فیکری نییە، بەڵکو ئاوێتەی زمانی شیکاری و شیعرییە، هەروەها زمانێکە، کە زیاد لە ئاخاوتنی سادەی دەرەوەی ئەدەبە کە هەیە، بۆیە لێرەدا دوو جۆر گێڕەرەوەی زمانی دەبینین، یەکەم، زمان لەناوچەی خۆیدا پێش سەفەری کارەکتەر و پاڵەوان، هەرچی دووەمە زمان لە ئاخاوتنی ولاتێکی دیکەدا کە ئەمەش شارەزایی نووسەر دەردەخات کە چۆن پەی بەوە بردووە زمانی ئاخاوتنی ئەدەبی ولاتێکی دیکە چۆنە، هێنانی بۆ ناو چیرۆکەکە هەروا ئاسان نییە. دەکرێت بڵێین: ڕۆمانی سیستەمی خوێناوی خاوەنی زمانێکی پڕ لە تەکنیکی خۆیەتی.

**تەکنیک**

بۆ من لە هەموو شتێک دڵخوازتر ئەوەیە کە چۆن چیرۆک بە تەکنیکێکی جیاوازتر لە هەموو ئەو تەکنیکەی چیرۆکمان پێ خوێندۆتەوە بەتەکنیکێکی تر بیخوێنینەوە. نووسەر تا ئەو ئاستە ژێر بێت چنینی لە وشەکاندا شاش نەبێت و بۆشایی نەدات بەخوێنەر لە گازندەدا خۆی پڕی بکاتەوە، ڕۆمانی سیستەمی خوێناوی تەکنیکێکی ژیرمەندانەی هەیە کە لە هەموو ڕۆمانەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، تێیدا دێت هەموو بنەما گرینگەکانی چیرۆکی پێ دەهێنێت وەک (زمان، خەیاڵ، کارەکتەر، فلاشباک، مەنەلۆگ، دیالۆگ، گرێ، ڕووداو، شوێن...تاد) کە سەرکەوتوانە ئەو تەکنیکە بەگەڕ دەخات، تاکۆتایی تەکنیک هیچ غافڵکاری و گۆڕانکارییەکی بەسەر دانایەت.

**دیالۆگ و مەنەلۆگ**

ڕۆمانی سیستەمی خوێناوی وەک هەموو ڕۆمانێکی مۆدێرن، کاری جددی لەسەر هەردوو پێگە گرینگەکەی ناو چیرۆک کردووە، کەئەوانیش (دیالۆگ و مەنەلۆگ)ـە لەم بەشەدا نووسەر زۆر ژیرانە زمانی دیالۆگی کارەکتەرەکان جیادەکاتەوە و جیاوازتر لەو مەنەلۆگەی خۆی پێ دەئاخڤێ، ئەمەش بە خاڵی بەهێزی چیرۆک و گێڕەرەوە دادەنرێت کە هێزی سەرکەوتنی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە. بەکورتی دیالۆگ و مەنەلۆگ لەم ڕۆمانەدا هەرچەندە درێژدادڕین، بەڵام جیاواز و بێزارکار نین، چونکە بە پێی پێویستی گێڕانەوەکە هاتوونەتە بوون.

**بنیادی کەسایەتی**

لە ڕۆمانی سیستەمی خوێناویدا بنیادێکی تەواو تۆکمە و داڕێژراو هەیە کە پشت بە بنەما سایکۆلۆجییەکانی تاک دەبەستێت لەمەڕ بنیادی کەسایەتی بەپێی ژینگە و شێوازی پەروەردە و دەوروبەری ئەو ژینگەیەی کە کاریگەری تەواوی لەسەر پێکهاتەی کەسایەتییەکان هەیە، جگە لەم شیکار و بنیادەی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە، هەموو مەنەلۆگ و دیالۆگ و کردار و پەرچەکردارەکانی ناو هەموو ڕووداوەکانی لەسەر بنەمای چۆنیەتی و پێکهاتەی کەسایەتییەکانی سەرچاوە دەگرێت و بەرکەوتنێکی تەواو لۆژیکیانە لەمەڕ چۆنیەتی

پێکهاتەی کەسایەتی و ڕووداو و کێشەکان دەخوڵقێنێت، ئەمەش وادەکات لە زەینی خوێنەردا هەموو ئەو کەسایەتییە وەهمیانەی نووسەر دروستی کردوون، وەک کەسێتییەکی تەواو ڕاستیی بەدەر بکەون و کاریگەری خۆیان لە ڕووی چۆنیەتی پێکهاتنی کەسایەتیانەوە لەسەر خوێنەر دروست بکەن، ئەمەش وادەکات خوێنەر لە دیدگای خۆیەوە وەک ڕووداوگەلێکی واقیعی بەریان بکەوێت و هەڵوێستێکی واقیعییانەی بەرانبەر کارەکتەرەکانی هەبێت.

## شوێن و گواستنەوەی شوێن

ئەم ڕۆمانە وەک پێشتر لە کورتە ڕستەیەکدا ئاماژەمان بە شوێنگۆڕکێی چیرۆکەکە کرد، کە لە یەک جێگادا ناوەستێت، بەڵکو سەفەری چیرۆک لە دەستپێکی گێڕانەوەدا دەست پێ دەکات، بەڵام ئەوەی گرنگە پاڵەوان، کە پاڵەوانێکی کێشەدارە بۆ دەرباز بوون لە کێشەکەی سەفەر دەکات، ئومێدی چارەسەرکردنی لەسەر هەڵدەچنێت، پاڵەوان سەری خۆی بەرەو بەهەشتی ناوزەد کراو هەڵدەگرێت، لەوێوە دەیەوێت لەناو ژیانێکی نوێ و شوێنێکی نوێدا ژیان دەست پێ بکاتەوە، بەڵام بۆ ئەم، شوێن لەدەرەوەی بوونی خۆی مانیفێست دەبێت و کێشەکانی زیاتر پەرە دەستێنن، چونکە ئەم دەڕواتە ناو شوێنەوە، نەک شوێن لەناو بوونی خۆیدا بەرجەستە بکات، ئەگەرچی لە شوێنی دووەمی ژیانی پاڵەواندا سیستەمی ژیان هەمان سیستەمی ژیانی کۆچ و سەفەری لێوە هاتووی نییە، بەڵام هێشتا بۆی نابێتە ئەو بەهەشتەی کە بنیادی ژیانی لەسەر دامەزرێنێت و ببێتەوە بەو مرۆڤە ئاساییەی کە لە دەور و بەریدا هەیە، بۆیە ڕەگوریشەی ئاریشەکانی وابەستەیە بە فەزای بوونی دۆخە دەروونییەکەوە.

## خەمۆکی و بەرەو مەرگ

ئێمە دەتوانین بە خوێندنەوەی چیرۆکی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، بە تێگەیشتنمان لە نەخۆشییەکانی دەروونی لەوە تێ بگەین، کە بۆ خۆکوژ تەواوی قۆناغەکانی خەمۆکی و کێشە دەروونییەکانی بڕیوە تا گەیشتنی بەخەمۆکی توند، کە دواجار مەرگی لێ دەکەوێتەوە، شەونم لەبنەڕەتدا مرۆڤێکی بەنەسل خەمۆک نەبووە، بەڵکو لەناو فەزای ژیانی خەمۆک و پڕ ئاریشەدا هاتۆتە دنیا و بەبەرکەوتنەکان و لاوازی لە بیرکردنەوەدا وەک تووش بوویەک بە هەڵگری خەمۆکی درێژەی بەژیانی داوە، بۆیە وەک سێبەر خەمۆکی بەدوایەوە بووە، هیچ دەرفەتێکیشی بۆ چارەسەری دۆخە مەترسیبارەکەی نەڕەخساندووە، تا ئەو کێشە تەمومژاوییە دڕدۆنگەی لەکۆڵ بێتەوە. نووسەر لێرەدا زۆر زیرەکانە دەچێتە ناو چەمکەکانی دەروونەوە و ژیرانە هەموو ئاریشەکانی پێشی دەکاتەوە.

## ترس و خوێن

ناکرێت هیچ مرۆڤێک بوونی هەبێت و ترس لە هەگبەی ژیانیدا نەبێت، توێژەرەوەکانی بواری دەروونناسی، بۆ ترس ڕێژەیان دیاری کردووە، لەمرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگۆڕێت و بالانسی جودای هەیە، ترس وەک هەموو بنەما هەبووەکانی مرۆڤ، یەکێکە لە خەسڵەتە هەستەوەرییەکان. مرۆڤ لەگەڵ بوونیدا هەیەتی، یان لەبەر ئەنجامی بەریەک کەوتن بۆی دروست دەبێت، جا زۆر جار لە ناکاو بە پێی کات دەڕەوێتەوە، یان تاکۆتایی تەمەنی لەگەڵیدا دەژی. زۆر جار ترس مرۆڤ دەگەیەنێتە لووتکەی خوێنڕشتن، یان خوێنڕشتنی خۆی بەدەستی خۆی. لەم ڕۆمانەدا، ترس فەزایەکی گەورەی بە کۆی چیرۆکەکە بەخشیوە کە دواجار دەبێتە هۆی خوێنڕێژی! دەشێت بڵێین: نووسەر بنیادی ڕووداوی چیرۆکەکەی لە ترسی کولتوورییەوە، بەکۆد ئاماژە پێداوە کە بۆتە هۆی تێکدانی ژیانی کارەکتەر و پاڵەوانی ناو چیرۆکەکە و سەرەنجام بە خوێنڕشتنی دەگەیەنێت، نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێت: لەڕووی دەروونییەوە ئەگەر ترس بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ مرۆڤ ژیا، لەکۆڵی نەبۆوە، ئەوترسە نەڕەوییەوە، ئەوە سەرەنجام بەخوێن کۆتایی دێت. ئێمە دەتوانین نموونەی زۆر لە زەینی خۆماندا دروست بکەین، جەنگەکان بەهۆی ترسەوە ڕوودەدەن، دوو وڵات بەهۆی بوونی ترسی داگیر کارییەوە خوێنڕشتن بەدەستپێکی ڕزگار بوون دەزانن. مرۆڤ بەهۆی ترسی زۆرەوە کە لەناو نەچێت، خوێن دەڕێژێت، گیاندارەکان بۆ ئەوەی ترسی برسێتی لەناویان نەبات، خوێنی گیانداری تر دەڕێژن، یان پەنا بۆ خوێنڕشتنی خۆیان دەبەن. لێرەدا نووسەر بۆ ئەوەی کۆتایی بە ترسی پاڵەوانەکەی بهێنێت، دێت خوێن

دەکاتە سەرمەشقی بەرئەنجامی کۆتایی چیرۆکەکە و لەسەر سیستەمەکە کۆتایی بەو ترسە دێنێت و ڕەنگی ترسیش بە ڕەنگی خوێن وەسف دەکات.

**وێنەی جوانی مەرگ**

نووسەری ڕۆمانەکە زۆر هونەرییانە، جوانی مەرگ بە ساتەوەختی لەناو چوونی پاڵەوانەکەی دەبەخشێت، کە ئەویش توانایی لەڕادەبەدەری ئاستی جوانی هونەری نووسەر دەردەخات، کە نایەوێت کردەی قێزەونی کوشتن بداتە ئەو پاڵەوانە کە بەدرێژایی چیرۆکەکە لەگەڵیدا ژیاوە، چونکە ئاشکرایە نووسەر عاشقی پاڵەوانەکەی خۆبەتی ناچارە لە کوشتنیدا جوانترین لۆکەیشن و دیمەنی مەرگی پێ ببەخشێت، وەک وەفادارییەک بۆ ئەو زەمەنە دوور و درێژەی لەگەڵیدا ژیاوە، هەروەها زۆر ژیرانە و بێدادگایانە لە چیرۆکەکە دێتە دەرەوە و دەڵێت: تاوانی من نەبوو کە بەکوشتنم دا، بەڵکو ئەوە تاوانی سیستمێکی چەق بەستووی ترسناکە، کە دۆخەکەی بەوە گەیاند، دەڵێت: من تاکە چاکەیەک کردبێتم، ئەوە بووە کە مەرگی پێ ببەخشم، نەک درێژە بەو ژیانە سەخت و دژوارە بدات و سەرەنجامێکی دیکەی لێ بکەوێتەوە، بۆیە نووسەر بێ هیچ دادگاییەک لە چیرۆکەکە دێتە دەر و ئازادانە ژیانەکەی شەونم و کۆمەڵگاکەی دەگێڕێتەوە، بەڵام بۆ هەتا هەتایە ناتوانێت چیرۆکی شەونم و سیستمە خوێناوییەکەی لە مێشکی بخاتە دەرەوە.

**خواستن**

نووسەر بۆ دەوڵەمەند کردنی چیرۆکی ڕۆمانەکە، دێت شیعری شاعیرێکی کورد کۆلاج دەکات، کە لەڕووی کات و پێویستی دەروونییەوە لەگەڵ کارەکتەرەکەی دەگونجێت و بۆ ساتێک دەبێتە مەرهەمی دەروونی، ئەویش شیعری ئێوارەی پاییزی شاعیر (محەمەد عومەر عوسمان)ـە کە کارەکتەرەکەی لە ڕێگەی گۆرانیبێژێکەوە گوێ لەو شیعرە دەگرێت، ئەم خواستنە زۆر کاریگەری لەسەر دەروونی کارەکتەرەکەی دەبێت، نوقمی ناو توونێلە تاریکەکەی ڕوحی دەکات، بەتایبەت ئەو ڕستەیە لە گۆرانییەکەدا چەندان جار دووبارە دەکاتەوە (باران دەمرێت تا گوڵ بژی)، بەڵام ئێمە نەمانزانی گوڵی ئەو کێیە کە ئەم بۆتە بارانی؟ نووسەر زۆر بە چێژەوە ئەم کۆلاجە شیعرییە لەناو فۆرمی خەیاڵەکەدا جێگە دەکاتەوە، ئەمەش خاڵی سەرکەوتنی چیرۆکی ناو ڕۆمانەکەیە.

**بۆچی گرنگە ڕۆمانی سیستمی خوێناوی بخوێنینەوە؟**

ماوەتەوە بڵێین بۆچی ئەم ڕۆمانە گرینگە، بیخوێنینەوە، ئایا وەک چیرۆکێکی چێژبەخش بیخوێنینەوە؟ ئایا وەک چیرۆکێکی مەرگهێنەر لێی بڕوانین؟ ئایا بۆ ئەوەیە شەونم بناسین و کێشەکانی بزانین چی بوو؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر، ئێمە دەبێت لە گرنگی پەیامی نووسەر تێ بگەین، کە چ فیکرێک لە پشت ئەم ڕۆمانەوەیە، نووسەر دەیەوێت، چیمان پێ بڵێت!؟

سەرەتا بۆ من وەک هەر خوێنەرێک، لەوە تێ دەگەم، کە نووسەر فیکری بەرپەرچدانەوەی کولتووری کردۆتە بیانوو، کە کولتوور بەر لە هەر شتێکی تر دەستی خستۆتە قورقوڕاگەی تاکەکان، ژیانی ئازادانەیان لێ زەوت کردوون، هەروەها ئاماژەی ڕوونی کولتووری ناپەسەندی و پەسەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەی خۆی دەهێنێتە بەرباس و لەسەر ڕاوەستان، تێکوپێک شکاندنی، تا ئیدی کولتوور و ئایین نەتوانن مرۆڤ لە قاڵب بدەن، ئەوەمان بیر نەچێت کولتوور بەرئەنجامی داهێنراوی فیکری مرۆڤ خۆی بووە لە بەرانبەر مەبەستی کۆیلەکردن، کە دواجار هەر مرۆڤ خۆی تا هەنووکەش لێی زەرەرمەند بووە. من هەمیشە ئەو ڕۆمانانە دڵخوازمن کە دەتوانن کار لەسەر چەوتی کولتوور بکەن و دژ بە ستەم و ئاریشەکانی بوەستنەوە، ڕۆمانی سیستمی خوێناوی گرینگە بیخوێنرێتەوە کە وات لێ دەکات بەوپەڕی توانایییەوە لەسەر لەبەریەک هەڵوەشانی قێزەونییەکانی کولتوور بوەستی و کۆتایی پێ بهێنیت کە بۆتە هۆی تێکدان و لەناو چوونی شەونم و سەدان عاشقی وەک ئەو و مرۆڤەکانی دیکە. تێکۆشان و ئازایی نووسەر لەوەدایە، دەستپارێزی لە قێزەونییەکانی کولتووری کوردی نەکردووە، کە پڕیەتی لە ژیانی لەخشتەبردنی مرۆڤەکان.